


# پلانی کارکردنی
# ڕێگریکردن لە توندڕەویی
# توندوتیژ لە هەڵەبجە

# جد ول المحتو يات


**١. پێشەکی** ٣

١,١ ئامانجەکانی پلانی کارکردن ٣

٢,١ چوارچێوەی شیکاری ٤

٣,١ چەمک و پێناسەکان ٤

**٢. هەڵەبجە: مێژوو و چوارچێوەیەکی گشتی** ٦

**٣.فاکتەرەکانی مەترسی و پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ** ٧

١,٣ فاکتەرە بونیادییەکان ٧

١,١,٣ هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ٨

٢,٣ فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان ٨

٣,٣ هاندەرە تاکەکەسییەکان ٩

**٤. تیۆری گۆڕانکاری** ١١

**٥. پێکهاتەی لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ** ١٤

**٦. پێشنیازەکان** ١٥

**٧. پاشکۆکان** ١٩

پاشکۆی ژمارە ١: میتۆدۆلۆجی توێژینەوە ١٩

پاشکۆی ژمارە ٢: پرسیارنامە و پرسیارەکانی چاوپێکەوتن و دانیشتنی ڕاوێژکاری ١٩

# ١. پێشەکی

توندڕەویی توندوتیژ (التطرف العنيف) تایبەت نییە بە هیچ ئایین، نەتەوە، گرووپ یا ناوچەیەک. سەرهەڵدانی دراماتیکیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (لێرە بەدواوە ‹داعش›) لە ساڵی ٢٠١٤دا، سەدان گەنجی لە ناوچەکە و تەنانەت لە سەرانسەری جیهانیشەوە بەلایە لای خۆیدا ڕاکێشا، لەنێویشیاندا گەنجە کوردەکانی هەرێم. ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنچاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن نزیکەی ٥٣٠ کورد لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییان بە داعشەوە کرد،کردووە. زۆرینەیان (٣٠٠- ٣٣٠ کەس) لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ لە سووریا و عێراقدا کوژران، لەکاتێکدالە کاتێکدا نزیکەی ١٥٠ کەسیان گەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە. لەو کاتەوە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و حکومەتە خۆجێیەکانخۆجێییەکان دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی چەند بەرنامەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ، وەهەروەها ئاماژەیان بەوەداوە کە ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ پێویستی بە پلانێکی درێژخایەن و هەمەلایەنەی کارکردن هەیە لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا.

لە کاتێکدا ژینگە ڕادیکاڵکراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو نین، لە نێوانیاندا لە هەڵەبجەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر هەرێمی کوردستان توانی خۆگری کۆمەڵگە لە دژی گرووپ و ئایدیۆلۆجیا توندڕەوەکان دروست بکات،[١] بەڵام، داتا و توێژینەوەکانی ئەو دواییانە چەند پرس و فاکتەر و پاڵنەرێکی سەرەکییان دەستنیشان کردووە کە دەتوانن مەترسیی سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمەکەدا زیاد بکەن.[٢] لەبەر ئەوە بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێییەکان ڕێبازێکی کارکردنی تۆکمە بگرنەبەر کە لەسەر بنەمای داتا و توێژینەوە کار بکات و لە هەمان کاتدا بەشداری و خاوەندارێتیی کۆمەڵگە و هەماهەنگیی دەزگا جیاجیاکانیشی تێدا بێت.

## ١,١ ئامانجەکانی پلانی کارکردن

سەرەتا گرنگە دووپاتی بکەینەوە کە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمدا پەیوەندیی بە هیچ کۆمەڵگەیەکەوە نییە. داڕشتنی پلانێکی کارکردنی تایبەت بە هەڵەبجە لە دەرئەنجامی ڕاوێژکردن بووە لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆیی و نیشتمانییەکان، وەک یەکەم ئەزموون لە هەرێمی کوردستان. ئەم پلانی کارکردنە ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەبێ:

1. دروستکردنی هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ و بەهێزکردنی خۆڕاگری کۆمەڵگە لە هەڵەبجە.
2. ئەم پلانی کارکردنە هەوڵێک دەبێ بۆ جێبەجێکردنی (ستراتیژیەتی نیشتمانیی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژیی بەرەو تیرۆر) لەسەر ئاستی هەڵەبجە، بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی دۆخ و واقیع و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی حوکمڕانی بێ لە هەڵەبجە.
3. ئەم پلانە ئامانجی دەستنیشانکردنی فاکتەرەکانی مەترسییە، کە دەتوانن ببنە هۆی زیادکردنی ئەگەری توندڕەویی توندوتیژ لە هەڵەبجە، هەروەها پێشنیازکردن و دەستنیشانکردنی بەرنامە و پرۆژەی سەرەکی بۆ کەمکردنەوەی پاڵنەر و مەترسییەکان.
4. ئەم پلانە ئەو ڕێگە و ئامرازانە دیاری دەکات کە لە ڕێگەیانەوە دەکرێ هاوبەشی و یەکگرتوویی و هەماهەنگی زیاتر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومییەکان دروست بکرێ، ئەمەش بە مەبەستی زیادکردنی خۆڕاگریی کۆمەڵگە لە بەرانبەر گرووپ و ڕێکخراوە توندڕەوەکان.
5. ئەم پلانە ئامانج و بەرنامە و پرۆژە و پێداویستی و ئەولەویەتەکانی ئەکتەرە جیاوازەکان ، لە نێوانیان حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێیی هەڵەبجە و کۆمەڵی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی کۆمەڵگە دیاری دەکات.

پرۆژە و چالاکی و بەرنامەکان لە لایەن دەسەڵاتە ناوخۆییەکان، حکومەتی هەرێم، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەندامانی کۆمەڵگە جێبەجێ دەکرێن. ئەم پلانە بە هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی خۆجێی و کۆمەڵی مەدەنی لە هەڵەبجە و هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی دادەڕێژرێ. جگە لەوە، لە کاتی داڕشتنی ئەم پلانە، سود لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی هەمەگیری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بینراوە، کە لە ماوەی مانگی ئازار تا تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجامدراوە (بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر میتۆدۆلۆژیی ئەم پلانە سەیری پاشکۆی ژمارە یەک بکە). کۆبوونەوە و ڕاوێژی زیاتر لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەڵەبجە ڕێک دەخرێ بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، هەروەها دروستکردنی هاوبەشی و خاوەندارێتی لە نێوان هەموو لایەنەکانی حکومەت و کۆمەڵگە.

لە دەرەنجامی گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان، چەند پێشنیازێکی سەرەکی دەستنیشان کراوە. هەر ئەولەویەتێک کۆمەڵێک بەرنامەی و پرۆژەی لەگەڵدایە کە بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی مەترسی و پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ داڕێژراون. لە کاتی پەرەپێدانی ڕاسپاردە و دەستنیشانکردنی ئەولەویەتەکان ڕەچاوی ئاستەنگ و سەرچاوە هەنووکەییەکانی هەڵەبجە کراوە.

1 Dlawer Ala'Aldeen, Kamaran Palani, Khogir Wirya. Violent Extremism in Mosul & the Kurdistan Region: Context, Drivers, and Public Perception, (2022).

2 Kamaran Palani, 'Youth Radicalization in Kurdistan: The Government Response', In Youth Identity, Politics and Change in Contemporary Kurdistan (Transnational Press London, 2021), p.p. 227, 223–237.

## ٢,١ چوارچێوەی شیکاری

بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ، ئەم پلانە پشت بە چوارچێوەیەکی شیکاری دەبەستێ کە لە لایەن دامەزراوەی (Institute Services United Royal) پەرەی پێدراوە. ئەو چوارچێوە شیکارییە جیاوازی دەکات لە نێوان پاڵنەرە بونیادییەکان (factors structural)، هاندەرە کەسییەکان (incentives individual) و فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان (factors enabling).

**پاڵنەرە بونیادییەکان** سەرکوتکردن، گەندەڵی، حوکمڕانیی خراپ، بێکاری و نەبوونی دەرفەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی، نایەکسانی، جیاکاری و پەراوێزخستن، مێژووی دوژمنایەتیی نێوان گرووپە شووناسییەکان شانبەشانی ململانێی درێژخایەن و چارەسەرنەکراوی نێوانیان، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا، دەستێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکان لە کاروباری گەلانی تردا و هتد.

**هاندەرە کەسییەکان** بریتین لە هەستکردن بە هەبوونی ئامانجێک (کە لەڕێی مامەڵەکردن لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژییە وەرگیراوەکانەوە دروست دەبێت)، سەرکێشی، ئینتیما، قبوڵکردن، پێگە، هاندانی مادی، ترس لە کاردانەوەی دواتری لایەنە توندڕەوە توندوتیژەکان، پاداشتی چاوەڕوانکراو لە ژیانی دوای مردندا و هتد.

**فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان** ئەمانە دەگرنەوە: بوونی مامۆستا و ڕابەری توندڕەو (بۆ نموونە سەرکردە ئایینییەکان و تاکەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بێگومان هیی دیکەش هەن)، دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵە و گرووپە ئۆنلاینە توندڕەوەکان، هەبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵە توندڕەوە توندوتیژەکان، دەستڕاگەیشتن بە چەک یان شتی دیکەی لەو جۆرە، کەمتەرخەمیی دەوڵەت، نەبوونی پشتیوانیی خێزانی و هتد.[3]

لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم چوارچێوە شیکارییە لەسەر هەر کەیس و کۆمەڵگەیەک، نابێت پێمانوابێت ئەو کەیس و کۆمەڵگەیانەی کە هەندێک لەم کێشانەیان تێدایە یەکسەر بەرەو توندڕەویی توندوتیژی دەڕۆن. مەرج نییە بوونی ئەم پاڵنەرانە ببێتە هۆی توندڕەویی توندوتیژ، بەڵام ئەگەر و مەترسیی توندڕەویی توندوتیژ زیاتر دەکەن.

## ٣,١ چەمک و پێناسەکان

**توندڕەویی توندوتیژ**: لە (پلانی کارکردنی ساڵی ٢٠١٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ) دا هاتووە کە توندڕەویی توندوتیژ «دیاردەیەکی هەمەچەشنە، بەبێ پێناسەیەکی ڕوون. نە تازەیە و نە تایبەتە بە هیچ ناوچە، نەتەوە یان سیستەمێکی بیروباوەڕیی دیاریکراوەوە.»[4]

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بەم شێوەیە پێناسەی توندڕەویی توندوتیژ دەکات: «دیاردەیەکە ئامانج لێی پێشخستنی ئەجێندایەکی ئایدیۆلۆژیی دیاریکراوە لە ڕێگەی داکۆکیکردن لە، ئەنجامدان، یان پشتگیریکردنی کردەی توندوتیژی، بەتایبەتییش لەسەر بنەمای باڵادەستیی ڕەگەزی، ئایینی، یان نەتەوەیی یان دژایەتیکردنی بنەما دیموکراسییەکان. تایبەت نییە بە هیچ ئایین و نەتەوە و ئایدۆلۆژیا و گرووپێکی دیاریکراوەوە.“[5]

**بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ**: لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاو لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ ئەنجامدراوە. ئەم پرۆسەیە ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکییانەی کە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ڕەزامەندانە بەکار دەهێنن بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی توندڕەویی توندوتیژ. بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ فۆرمێکی نازۆرەملێیە لە بەرنامەسازی، بۆ نموونە پەیامی میدیایی، گفتوگۆی نێوان ئایین و بیروباوەڕەکان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی و لایەنە ئەمنییەکانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت.[6] بەرنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ بەپێی واقیع و بارودۆخی کۆمەڵگە دەگۆڕێ.

**ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ:** ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ پشت بە (ڕێبازی تەواوی کۆمەڵگە) دەبەستێت و هەموو دامەزراوە و ڕێکخراو و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کۆ دەکاتەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ وەک کۆمەڵێک ڕێوشوێنی نازۆرەملێ پێناسە دەکات کە دەگیرێنەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فاکتەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ و دروستکردنی خۆڕاگری لەناو گرووپ و دانیشتووانە لاواز و بەرشکستەکاندا، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە ڕۆیشتن بەرەو توندڕەویی توندوتیژ یان جێبەجێکردنی بە کرداری.[7] بە پێچەوانەی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ، خۆپاراستن و ڕێگریکردن هەوڵ نادات ڕووبەڕووی ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان ببێتەوە. لەبری ئەوە، سەرنج دەخاتە سەر ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ چارەسەرکردنی پاڵنەرەکان و ئەگەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە نێوان ئەو گرووپ و کەسانەی کە لە ژێر مەترسیدان.

**ڕادیکاڵکردن (Radicalization):** لەکاتێکدا کە هیچ پێناسەیەکی گشتگیر کە هەمووان لەسەری کۆک بن بۆ ڕادیکاڵکردن نییە، بەڵام ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی لەڕێیەوە تاکەکەسێک یان کۆمەڵێک کەس وردەوردە دەگەنە ئەو بڕوایەی کۆمەڵە باوەڕێکی توندڕەوانە دەتوانن کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دروست بکەن ئەویش لەڕێی بەکارهێنانی ئەو کارە نادیموکراسییانەی دەکرێت ببنە هۆی دروستبوونی توندوتیژی.[8]

3 James Khalil and Martine Zeuthen, Countering Violent Extremism and Risk Reduction: A Guide to Programme Design and Evaluation (Whitehall Report, 2016), p. 9.

4 United Nations General Assembly. Plan of Action to Prevent Violent Extremism: Report of the Secretary General,A/70/674, 24 December 2015.

5 International Organization for Migration (IOM) - Department of Operations and Emergency, Transition and Recovery Division, 2020, IOM Preventing Violent Extremism, IOM, Geneva.

6 Zeuthen and Khalil, “Countering Violent Extremism and Risk Reduction,” p. 4.

7 IOM, “Preventing Violent Extremism,”.

8 EU [European Union], “The contribution of youth work to preventing marginalisation and radicalisation potentially resulting in violent behaviour,” 12. EU [European Union], “The contribution of youth work to preventing marginalisation and radicalisation potentially resulting in violent behaviour,” 12.

## تیرۆریزم

ستراتیژی نیشتیمانیی عێراقی بۆ (بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندڕەوییە توندوتیژەی دەبێتە هۆی تیرۆر) بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆر دەکات: "پراکتیزەکردنی ئامانجدار و ڕێکخراوی توندوتیژی لەسەر بنەمای توندڕەوی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە هەوڵی بەدیهێنانی چەند ئامانجێک دەدات، لەوانە سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی و هتد؛ لە ڕێگەی هاندانی ترس و دروستکردنی دڵەڕاوکێ و هەڕەشە بۆ سەر تاکەکان، گروپەکان، یان دەوڵەتەکان."[9]



وێنە ١: أنجام رسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

9 Government of Iraq - the National Committee for Countering for Violent Extremism, National Strategy to Counter Violent Extremism Conducive to Terrorism. Government of Iraq, (2019), 39.

## ٢. هەڵەبجە: مێژوو و چوارچێوەیەکی گشتی

پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە سەر سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران. ژمارەی دانیشتووانی ١٢٠ هەزار کەسە و پێکهاتووە لە قەزای هەڵەبجە، و ناحیەکانی خورماڵ، بیارە، سیروان، و بەمۆ. لە مانگی ئازاری ٢٠١٤ حکومەتی هەرێم هەڵەبجەی وەک چوارەمین پارێزگای هەرێم ناساند و لە سلێمانی جیا بووەوە. سەرەڕای ئەوەش، هێشتا هەم لە لایەن حکومەتی هەرێم و هەم لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەتەواوی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. دەسەڵاتە خۆجێییەکان و خەڵکی هەڵەبجە گلەیی ئەوە دەکەن کە گۆڕانکاریی سنووردار ڕوویداوە لەو کاتەوەی کە پێگەی هەڵەبجە گۆڕاوە بۆ پارێزگا. لە کۆی ١٧ بەڕێوەبەرایەتی گشتی، نۆیان لە هەڵەبجە دامەزراون. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کاری دامودەزگاکانی حکومەت و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی پارێزگاکە هەبووە. ئێستاش بەشێک فەرمانگەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی دەچنەوە سەنتەری سلێمانی. هەندێک سەنتەر و خزمەتگوزاریی گرینگیش لە هەڵەبجە کار ناکەن، وەک سەنتەری نابینایان و نابیستان، و پەناگەی ئافرەتان و هتد. لەو بارەیەوە بەرپرسان باس لەوە دەکەن کە هەڵەبجە پێویستی بە دامەزراندنی زیاتر لە ٤٠٠ فەرمانبەر هەیە بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانگە نوێیەکان.

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان بوونە هەڕەشەیەکی بەرچاو بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری هەرێم. هەڵەبجە بەهۆی سروشتی شاخاوی و نزیکیی لە ئێرانەوە بووە یەک لە مەڵبەندەکانی ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکان، لەوانە جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام. بۆ نموونە لە ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٠١ ئەندامانی جوندولئیسلام لە گوندێکی شاری هەڵەبجە سەری ٤٣ پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بڕی. هەروەها ئەنسارولئیسلام لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٣ چەندین هێرشی لە ناو هەرێم ئەنجامدا، لەوانە تیرۆرکردن و تەقینەوە خۆکوژییەکان.[١٠] لە مانگی ئازاری ٢٠٠٣ هێزێکی هاوبەشی تایبەتی ئەمریکا و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵەبجە و هەورامانیان لەو گرووپانە پاک کردەوە. زیاتر لە سەد ئەندامی ئەنسارولئیسلام کوژران و هەندێکیان بەرەو ئێران و ناوچەکانی دیکەی عێراق هەڵهاتن. بەگوێرەی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی خۆجێ و شارەزایانی هەڵەبجە، ئەو کەسانە سەرچاوەی سەرەکیی ڕادیکاڵکردنی گەنجانی هەڵەبجە بوون بۆ ئەوەی بچنە ناو جەبهەتولنوسرە و پاشان داعش لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٤.

بە لەبەرچاوگرتنی هەڵەبجە وەک بچوکترین پارێزگای هەرێم و عێراق، ژمارەی ئەو کەسانەی لە شارەکەوە ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە بکەن زۆر بووە. مێژووی توندوتیژی و بوونی گرووپە توندڕەوەکان لە ڕابردووی شارەکەدا بیوونە هۆی دروستکردنی توندڕەویی توندوتیژ. جێگای سەرنجە، زیاتر لە ٣٠ گەنج لە هەڵەبجە لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢ بە تۆمەتی پەیوەستبوون بە گروپە توندڕەوە توندوتیژەکان دەستگیر کراون.



وێنە٢: أنجام رسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

10 Romano, David. "An Outline of Kurdish Islamist Groups in Iraq." The Jamestown Foundation 7 (2007): 11-20, p. 12.

# ٣.فاکتەرەکانی مەترسی و پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ

## ١،٣ فاکتـەرە بونیادییەکان

جگە لە دامەزراندنی حکومیی، سەرچاوەی داهاتی هەڵەبجە سنووردارە، کشتوکاڵ و گەشتیاری سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی پارێزگاکە پێک دەهێنن. هەڵەبجە دوو دەروازەی سنووری نافەرمی لەگەڵ ئێران هەیە، دەروازەی سنوری شوشمێ و پشتە. هەروەها ٤٥ سەیرانگا و شوێنی گەشتیاری تا ڕادەیەک بوونەتە سەرچاوەی داهات بۆ خەڵکی پارێزگاکە. کشتوکاڵ و باخداری لە پارێزگاکە باوە، ١٢ هەزار و ٥٠٠ دۆنم ڕەز و باخ و ١٢٣ هەزار و ٩٥٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە."
لە ساڵی ٢٠١٥ەوە هیچ پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان لە هەڵەبجە ئەنجام نەدراوە، ئەوەش بێکارییەکی زۆری دروست کردووە، بەتایبەت لەنێو گەنجاندا. لە ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠٢٢ لە هەڵەبجە ١٢٩ پرۆژە بە بەهای ١٦١ ملیار دیناری عێراقی ڕاگیرا. لەم ماوەیەدا هەرێمی کوردستان بە چەندین قەیراندا تێپەڕی، لەوانە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، نەک هەر پاڵپشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆژە ناوخۆییەکانی هەڵەبجە وەستاوە، بەڵکوو حکوومەت نەیتوانی کارمەندی کەرتی گشتیش دابمەزرێنێت و موچەی فەرمانبەرانی بدات. هەموو ئەمانە کاریگەریی نەرێنی بەرچاویان لەسەر گوزەرانی دانیشتووان بەجێ هێشتووە.


*ئەگەر گەنجان لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆجی چووبنە نێو داعش لە ٢٠١٤، ئێستا بە هۆی گەندەڵییەوە دەڕۆن. هێندە*

*یاخی بوونە، هیچ ئینتیمایان بۆ نەتەوە و نیشتیمان نەماوە"*
*(هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).*

کاتێک پرسیاریان لەبارەی ئەو فاکتەر و هاندەرانەوە لێ کرا کە وا دەکەن پشتگیری بۆ توندڕەویی توندوتیژ لەزیادبووندا بێت، بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە هەڵەبجە خراپبەڕێوەبردن و گەندەڵی، لەگەڵ بێکاری و هەژارییان لەپێش ئەوانی دیکەوە دانا. بۆ نموونە، ٢١٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە لە هەڵەبجە باسیان لە بێکاری کردووە، دواتر هەژاری (٢٠٪) و خراپبەڕێوەبردن و گەندەڵی (١٨٪)، وەک هۆکاری سەرەکی کە ڕەنگە ببنە هۆی ڕەخساندنی زەمینەی توندڕەویی توندوتیژ. توێژینەوەی زۆر لەسەر ئەوە هەن کە چۆن ڕێکخراوە توندڕەوەکان لە پرۆسەی ڕاکێشانی ئەندامی نوێدا ئەزموونەکانی نادادپەروەری و گەندەڵییان لە سەرانسەری جیهاندا بەکار هێناوە.

بابەتێکی دیکە، کە لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆی گرووپەکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییە ناوخۆییەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی ناوخۆدا لە هەڵەبجە دووبارە دەبووەوە لاوازیی دامەزراوە یاساییەکان بوو. بەشداربووان ئاماژەیان بەوەدا کە ترسی ئەوەیان هەیە لاوازیی کەرتی داد خەڵک ناچار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا ببەنە بەر ڕێگەی تر.

### کام لـەم هۆکارانە خوارەوە ڕەنگە هاندەری توندڕەوی توندوتیژ بێت لە کوردسـتاندا؟ دەتوانی زیاتر لە یـەک هەڵبژاردن دیاریبکەی




11 ڕووداو: هەڵەبجە تەنیا بە ناو پارێزگایە. (١٣/٨/٢٠٢١). بەردەستە لەو لینکەی خوارەوە:
https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/special-report-31082021/31082021114930

### ١،١،٣ هـۆكارە كۆمەڵایەتـی و ئابوورییەكان

ڕاستە هۆکارە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان تاکە فاکتەری توندڕەویی توندوتیژ نین، یا مەرج نییە ببنە هۆی توندڕەوی، بەڵام دەبنە هۆی زیاترکردنی نارەزایەتییەکان و ئەوەش ڕەنگە لە لایەن گرووپە توندڕەوەکان بقۆزرێتەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک، بە تایبەت گەنجەکان.[12] بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆی گرووپەکان بایەخێکی زۆریان بەرانبەر بابەتی خراپبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری لە تەواوی هەرێمی کوردستان و هەڵەبجە ئەوەی کە بۆچی دەکرێت ئەم فاکتەرە پەیوەندیی بە گفتوگۆکردن لەسەر ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژەوە هەبێت نیشان دەدا. لە هەڵەبجە بێزاریی خەڵک بەتایبەت گەنجان لەسەر کەمی دەرفەتە ئابوورییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە. کێشەی بێکاریی گەنجان، تووڕەیی و نارازیبوون لە دەسەڵات، هەمووو بوونەتە هۆکاری هەستکردن بە نادڵنیایی و تێڕوانینی نەرێنی بەرانبەر داهاتوو.

داپەروەری بۆ گەنجان گرنگە، بەتایبەتی کاتێک بەردەوامن لە بنیاتنانی ناسنامە و پێگەیان لە کۆمەڵگەدا. هەستکردنی خەڵک بە ناداپەروەری لە زیادبووندایە و دەترسن ئەمە هانی ئەو بیرۆکەیە بدات کە کار و کردەوەی توندوتیژ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نایەکسانی و ناداپەروەرییەی تێبینی دەکەن شتێکی ڕەوایە. هەندێک لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە تایبەتەی لەگەڵ نوێنەرە پلەباڵاکانی حکومەت و دامودەزگاکانی دیکەی هەرێمەکەدا ساز کرابوو، گفتوگۆیان لەسەر پەیوەندیی نێوان گەنجان و ناسەقامگیریی سیاسی کرد. لە کاتێکدا دەرفەتەکانی دامەزراندن بۆ دەرچووانی زانکۆکان لە کەرتی حکومیدا کەم تا زۆر لە ساڵی ٢٠١٤ەوە وەستاوە، بەشداربووان باسی ئەوەیان کرد کە ئایا دەکرێت کەرتی تایبەت کاری جێگرەوە بۆ دەرچووانی زانکۆ دابین بکات.

لاوازیی کەرتی تایبەت لە هەڵەبجە لە زۆر چاوپێکەوتندا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا خراوەتە بەر باس. لە هەڵەبجە بە ڕێژەیەکی بەربڵاو هەستی ئەوە هەیە کە شارەکە «پشتگوێ خراوە» و «هیچ دەروازە یان پەیوەندییەکی» لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا نییە، کە ئەمەش زیاتر ئەو تێگەیشتنە دروست دەکات کە خەڵک جیاکارییان بەرانبەر دەکرێت، بەتایبەتی کاتێک بارودۆخی خۆیان بە سەنتەری شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەراورد دەکەن.

> *نازانم چی بە منداڵەکانم بڵێم، پێیان بڵێم بە هۆی جەنگ یا بە هۆی برسێتییەوە دەمرن. بەردەوام پێیان دەڵێم هاوسەرگیری مەکەن و کوردستان جێبێڵن." (هەڵەبجە، مێزگری مانگی ئابی ٢٠٢٢).*

## ٢،٣ فاكتەرە ڕێخۆشكەرەكان

بەشداربووانی توێژینەوەکە گفتوگۆیان لەسەر هەندێک ڕووداوی سەرەکی ڕێخۆشکەر کرد، وەک دروستبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی گەنجان بۆ ناو گرووپە توندڕەوەکان لە ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٤.

> *"توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا دەبینم، بەڵام تاکەکان بە تەنیا هیچیان پێناکرێ، پێویستیان بە ژینگەیەکی یارمەتیدەر و کاراکەر هەیە". (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢)*

> *٪٢٠ی گەنجەکانمان لەمێژە هەڵەبجەیان جێ هێشتووە. ئەوانەش کە ماونەتەوە پێیان وایە بە کڕینی ماتۆڕسکیل و هەراسانکردنی خەڵک دەتوانن تۆڵە لە حکومەت و کۆمەڵگە بکەنەوە (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).*

لە هەڵەبجەدا هەندێ فاکتەری ڕێخۆشکەر هەن بۆ دروستبوونی توندڕەویی توندوتیژ، لەوانە کاریگەریی تۆڕی ئەو گرووپە توندڕەوانەی کە پێشتر لە ناوچەکەدا هەبوون، لەوانە ئەنسارولئیسلام، قاعیدە و بەو دووایانەش داعش. جگە لەوانە، هەڵەبجە ئەزموون و مێژوویەکی درێژی لەگەڵ بەرەکانی جەنگ و ململانێ هەیە، کە وایکردووە زەمینەی توندڕەویی توندوتیژ لەبارتر بێ. شارەکە لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) و دواتریش جێگیربوونی گرووپە چەکدارییە توندڕەوەکان لەو ناوچانەدا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ململانێ و توندوتیژیی زۆری بەخۆوە بینی، کە ئێستاش کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و هزری خەڵک هەیە.

### کەمبوونەوەی پشـتگیریی خێزان

ڕاپرسییەک لەگەڵ ٢٥١ ئەندامی ئەو خێزانانە ئەنجامدراوە کە ئەندامێکی خێزانەکەیان لە هەڵەبجەوە پەیوەندیی بە ڕێکخراوە توندڕەوەکان کردووە.[13] دەربارەی پرۆفایل و باکگراوند و جۆری خێزانەکان، توێژینەوەکە سێ خاڵی هاوبەشی دەستنیشان کردووە. یەکەم، لە ڕووی قەبارەوە خێزانەکان گەورە بوون (زیاتر لە پێنج منداڵیان هەبوو)، وە سەرچاوەی داهاتیان سنووردار بووە و زیاتر پشتیان بە یەک کەس بەستووە. جگە لەوەش، ئەو خێزانانە کاریگەریی مێژووی توندوتیژی و ململانێی شارەکەیان بەسەرەوە بووە. دووەم، مێژوویەکی پشتیوانی لە ڕێکخراوە توندڕەوەکان لە نێوان لانیکەم یەک ئەندامی خێزانەکەدا هەبووە. سێیەم، ئەوانەی لە هەڵەبجە پەیوەندییان بە ڕێکخراوە توندڕەوەکانەوە کردووە، پێشینەی خوێندنیان باش بووە، یان خوێندکار بوونە کاتێک شارەکەیان بەجێ هێشتووە. ئەوە نیشانی دەدات پێناچێت ئاستی خوێندن کاریگەریی لەسەر ڕادیکاڵبوونی ئەو گەنجانەوە هەبوو بێ. گفتوگۆی گرووپەکان ئاماژەیان بە کێشەیەکی دیکە دەکرد کە ئەو خێزانانەی کە کەسێکیان چوونەتە پاڵ داعش یا گرووپی توندڕەویی دیکە هیچ پشتیوانییەکی دەروونییان وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی ئەو «پەڵەیەی» بەسەریاندا دروستبووە بتوانن لای ببەن و تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە.

> *"برادەرێکم هەیە منداڵی زۆرە. یەکیانی زیاتر خۆش دەوێ. هەموو جار دەڵێ ئەوەیانم بۆیە زیاتر خۆش دەوێ چونکە ئەگەر گەورە بێ هیچ سووکایەتییەک بەسەر ئیسلام قبوڵ ناکات". (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).*

---

12 Harriet Allan, Andrew Glazzard, Sasha Tumu Jesperson, and Emily Sneha Reddy Winterbotham, Drivers of Violent Extremism: Hypotheses and Literature Review, (2015), p. 11.

13 نووسەری ئەم توێژینەوەیە، دانیشتووی هەڵەبجەیە و کۆپییەک لە توێژینەوەکەی لەگەڵ ئێمە بەش کرد.

بەرپرسە ئەمنییەکانی هەرێم هەندێک خێزان بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕادیکاڵبوونی گەنجان دەبینن. هەندێک خێزان هەن کە «لەمێژە بۆشاییەکیان بۆ ڕادیکاڵبوونی گەنجان ڕەخساندووە و لەوێوە بەشێکی گەورە لە کەسانی توندڕەو هەڵکەوتوون. ئاساییش لە نزیکەوە چاودێریی ئەو خێزانانە دەکا.»[14] جگە لەوەش، بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ بەشداربووانی توێژینەوەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچدا کراون، دوو گرفتی سەرەکی دەستنیشان کراوە. یەکەم، خێزانە هەژارەکان ناتوانن وەکوو پێویست بایەخ بە منداڵەکانیان بدەن. دووەم، هەندێک خێزانی دیاریکراو هەن کە ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکەن منداڵەکانیان ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵەکان وەربگرن.

### ڕادیکاڵکـردن لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، میدیای دابەشـبوو بەسـەر دوو بـەرەدا و بەهەڵەگەیاندنی زانیاری

لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەسەر پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان نیشانی دەدات کە گەنجەکان بەرکەوتەی ناوەڕۆکی توندڕەو و زانیاریی ناڕاستن. نیگەرانییەک لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئینتەرنێت هەیە کە گەنجان لە هەڵەبجە و باقی هەرێم دەستییان پێ دەگات. داتاکان دەری دەخەن کە یەکەم پەیوەندیی گەنجان لەگەڵ گرووپە توندڕەوەکان بە شێوەی ئۆنلاین ڕوویداوە.[15] بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕاستی لە خەمی ئەو ڕادیکاڵکردن و بەهەڵەگەیاندنی زانیارییەی ناو تۆڕی ئینتەرنێتن، کە بەردەوام لە زیادبووندایە، بەتایبەتی لە پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. کۆدەنگییەک لەناو بەشداربووانی توێژینەوەکەدا هەبوو کە تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەلکترۆنییەکان ڕۆڵێکی زیاتر لە دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەدا دەگێڕن. گرنگە ئاسانکاری بۆ گفتوگۆیەکی بەردەوام لەگەڵ گەنجاندا بکرێت کە تێیدا بتوانرێت بە شێوەیەکی بەرهەمدار باس لە گەڕانی ئۆنلاین بکرێت. نوێنەرانی حکومەتی خۆجێی لە هەڵەبجە ڕایانگەیاند کە پێویستییان بە شارەزاییی زیاترە لە بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لە ڕادیکاڵکردن لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە. بەشداربووان پێشنیازی بەڕێوەبردنی تۆڕی ئینتەرنێت و چاودێریکردن و چیرۆکی جێگرەوە دەکەن کە لە لایەن حکومەتەوە ئاڕاستە بکرێن. پێشنیازی سەرەکیی بەشداربووان ئەوە بوو کە جەخت بکرێتە سەر پێویستی هەبوونی پلاتفۆرمێکی میدیایی نیشتیمانی، کە زانیاریی بە گەنجان بدات لەسەر مەترسییەکانی توندڕەوی و توندوتیژی بدات و هانی یەکهاتن  و یەکترقبووڵکردن، هەروەها دیالۆگ لەنێوان گەنجان و لایەنەکانی دەسەڵاتدا دروست بکات. دەنگی ژنان، گەنجان، ڕابەرانی ئایینی، هەروەها قوربانیان و ڕزگاربووانی توندڕەویی توندوتیژ لەم پرۆسەیەدا لایەنێکی سەرەکییە.

### ڕەهەندە ئایدۆلـۆژی و ئایینییەکان

بەشداربووانی توێژینەوەکە فاکتەرە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان وەک هۆکاری سەرەکی بۆ پشتگیریکردن و چوونەناو ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان لە هەرێمی کوردستاندا نابینن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوان ئاماژەیان بەوە دا کە زۆر کەس لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە لەبەر هۆکاری ئایینی و ئایدۆلۆژی بە مەبەستی چوونەناو ڕیزەکانی داعشەوە چوون بۆ سووریا و دواتر بەشەکانی دیکەی عێراق. جگە لەوەش، دوو کێشەی دیکەش لەناو کۆنتێکستی فاکتەرە ئایینییەکاندا تێبینی کران: یەکەم، ئاڵۆزیی ئاڕاستەکردن و پەروەردەی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی گۆڕەپانە ئایینییەکە تا دێت زیاتر دابەشبوون بەخۆییەوە دەبینێت، ئەمەش چونکە گرووپە هەمەجۆرەکان دانیشتوان بە ئاڕاستەی جیاوازدا دەجووڵێنن؛ دووەم، دیالۆگی نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان تەنیا بەشێوەیەکی ڕووکەشی بووە و تەنیا لەنێوان توێژی نوخبەدا ڕووی داوە و وەر نەگێڕدراوەتە سەر ئاستی کۆمەڵگە.

## ٣,٣ هاندەرە تاکەکەسـییەکان

> *"توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا دەبینم، بەڵام تاکەکان بە تەنیا هیچیان پێناکرێ، پێویستیان بە ژینگەیەکی یارمەتیدەر و کاراکەر هەیە". (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەموزی ٢٠٢٢)*

> *"ئەوەی لە هەڵەبجەدا دیارە پێشینەی شارەکە و مێژووی گرووپە توندڕەوەکانە. لە هەر کوێ جەنگێک هەبێت، هەندێک گەنج بەشداریی تێدا دەکەن، بۆ نموونە داعش و جەنگی سووریا. ساڵانە دە بۆ بیست کەس بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن." (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢)*

بەشداربووانی چاوپێکەوتن و گفتوگۆی گرووپەکان  تیشکیان خستە سەر دابڕانی زیاتر و زیاتری گەنجان لە خێزان و کۆمەڵگەکەیان، هەروەها بەرکەوتنیان لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان کە دابەشبوون بەسەر دووبەرەدا. هەروەها ئاماژەشیان بەوە دا کە هەندێک ئەندامانی خێزان پێشینەیان لە توندڕەویی توندوتیژدا هەیە و کار لە ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکە دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، بەڵگە هەیە کە ڕادیکاڵبوون پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و شووناس فاکتەرێکە کە کار لە تێوەگلانی کەسێک لە توندڕەویی توندوتیژدا دەکات.[16] ئارەزووی یاخیبوون، و لاوازبوونی پێکهاتە و پێگەی خێزان لە کۆمەڵگەدا، ڕەنگە ڕۆڵ بگێڕن لە گۆڕینی بیرۆکەکان یان ناڕەزایەتییەکان بۆ کرداری توندڕەویی توندوتیژ.

---

14 Palani, 'Youth Radicalization in Kurdistan," p. 36.

15 بڕوانە:
Adel Bakawan, Three Generations of Jihadism in Iraqi Kurdistan. Available from: www.ifri.org/sites/default/files/atoms/files/bakawan_jihadism_iraqi_kurdistan_2017.pdf ; Alexander Meleagrou-Hitchens and Ranj Alaaldin, The Kurds of ISIS: Why Some Join the Terrorist Group,8 August 2016. Available from: www.foreignaffairs.com/articles/syria/2016-08-08/kurds-isis.

16 Allan, et al., "Drivers of violent extremis." 4-5.

## مێژوو و یادەوەری شەڕ و توندوتیژیی

سەبارەت بە پاڵنەرە کەسییەکانی توندڕەویی توندوتیژ، «یادەوەرییەکان» لەسەر توندوتیژی لە زۆر لە چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکانی گرووپەکانی گفتوگۆی ورددا وەک گرفتێکی سەرەکی ئاماژەی پێ دراوە. هەڵەبجە خراپترین هێرشی کیمیایی لە مێژووی ناوچەکەدا لە ساڵی ١٩٨٨دا بەخۆیەوە بینی، کە هێشتا کاریگەریی لەسەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی هەیە. مانگانە زیاتر لە دوو هەزار قوربانی کیمیاباران سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە هەڵەبجە (بەرپرسێکی حکومی، دانیشتنی ڕاوێژکاری تایبەت، هەڵەبجە، تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).

*"لەبەرئەوەی هەڵەبجە جێگای بەیەکدادانی چەکداری و ئایدیۆلۆژی گرووپ و ڕەوتە جیاوازەکانی ئایینی و نائایینی بووە، ئەم خاڵە کاریگەری گەورەی لەسەر جۆری بیرکردنەوەی تاکەکان دروستکردووە. نەتوانراوە وتاری بەدیل بەدی بهێنرێت، ئەمە جگە لەوەی نەتوانراوە دووبارە ڕاهێنانەوەی تایبەت بکرێت بەو تاکانەی کە ڕووبەڕووی بیری پەرگیری و توندڕەوی توندوتیژ بوونەوە تاوەکو دوبارە بگونجێنەوە لەگەڵ کۆمەڵگە."(دانیشتنی ڕاوێژکاری تایبەت، تشرینی دووەمی ٢٠٢٢).*




وێنە ٣: أنجام رسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# ٤. تیۆری گۆڕانکاری

ئامانجەکانی ئەم پلانی کارکردنە لەو ئامانجانە وەرگیراون کە لە ستراتیژی نیشتمانیی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژی عێراقی و هەروەها بەڵگەنامەکانی حکومەتی هەرێمدا هاتووە. جگە لەوە، ئەم پلانی کارکردنە پشتەبەستێ بە تێگەیشتنێکی هەمەگیر بۆ چارەسەرکردنی پاڵنەرە سەرەکییەکانی توندڕەویی توندوتیژ. ئەم خشتەیەی خوارەوە دەرەنجامی بەرنامە و پرۆژەکان دەخاتە ڕوو، هەر کاتێک بچنە بواری جێبەجێکردنەوە. دوای داڕشتنی چالاکییەکان، چوارچێوەیەکی لۆژیکی لەسەر ئاستی چالاکییەکان پەرەپێدەدرێت. لە خشتەی خوارەوەدا، تیۆرییەکی وردتری گۆڕانکاری پێشکەش کراوە، کە ئەو پرۆسەیە دەخاتە ڕوو کە لە چۆن دەرئەنجامەکان دەبنە هۆی گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم پلانی کارکردنە.

### ئاستی کاریگەری تیۆری گۆڕانکاریی

**ئەگەر** خۆڕاگریی کۆمەڵگە بەرانبەر توندڕەویی توندوتیژ لە هەڵەبجە لە ڕێگەی بەرنامە و پرۆژەی حکومەتەوە زیاد بکرێت،

**ئەگەر** توانای حکومەتی خۆجێیی لە ڕەخساندنی هەلی کار زیاتر کرا،

**ئەگەر** توانای دامەزراوەکانی حکومەتی خۆجێیی لە پێشکەشکردنی دەرفەتە ئابووری و کۆمەڵایەتی بەو گرووپانەی لە مەترسیدان زیاد بکرێت،

**ئەگەر** گەشەسەندنی ئابووری بگاتە ئەو گرووپانەی لە مەترسیدان بە مەبەستی باشترکردنی دۆخی ئابووریيان،

**ئەگەر** گەنجان دەسەڵاتیان پێبدرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕن لە خۆپاراستن و وەڵامدانەوەی توندڕەویی توندوتیژ،

**ئەگەر** ژمارەی چالاکییەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ بە سەرکردایەتی ژنان زیاد بکرێت،

**ئەگەر** میکانیزمی هەماهەنگی و پەیوەندی نیشتمانی و ناوخۆیی کاریگەر دامەزرا بۆ پەیوەندی باشتر لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدار و جێبەجێکارەکانی پلانی کارکردنی هەڵەبجە،

**ئەوکات** حکومەتی هەڵەبجە و کۆمەڵگا ناوخۆییەکان توانای پێویستییان دەبێ بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.



وێنە ٤: أنجام رسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

## ئامانج و دەرەنجام و چالاکییەکان

ئامانجی سەرەکی: خۆگری خەڵکی هەڵەبجە بەرانبەر توندڕەویی توندوتیژ زیاتر بووە.

دەرئەنجامی کۆتایی: بەهێزکردنی توانای حکومەتی خۆجێیی و کۆمەڵی مەدەنی بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژی و زیادکردنی هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆیی و نیشتیمانییەکان

**دەرئەنجامی مامناوەندی 1:** کارایی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەڵەبجە.

**أ.** دەرئەنجامی دەستبەجێ ١,١ : زیادکردنی متمانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی پلانە ناوخۆییەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.

**١.** چالاکی ١,١,١: هاوبەشە نیشتمانی و فرەلایەنەکانی بەشدار سوودمەند دەبن لە ئەزموونی هەڵەبجە لە جێبەجێکردنی پلانی کارکردنی ناوخۆیی.

**٢.** چالاکی ١,١,٢: دامەزراوە و دروستکەرانی بڕیاری ئاستی پارێزگا بەشدارن لە بەردەوامیپێدانی پلانی کارکردنی ناوخۆیی هەڵەبجە بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.

**٣.** چالاکی ١,١,٣: دروستکردنی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و لیژنەی ڕێگەگرتن لە توندڕەویی توندوتیژی هەڵەبجە.

**ب.** دەرئەنجامی دەستبەجێ ١,٢: زیادکردنی توانای لیژنەی خۆپاراستنی هەڵەبجە لە توندڕەویی توندوتیژ بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژەکان.

**١.** چالاکی ١,٢,١: لیژنەی جێبەجێکردنی پلانی کارکردنی ناوخۆیی هەڵەبجە دەستی بەکارەکانی کردووە و پشتگیری حکومەت و کۆمەڵی مەدەنی بەدەستهێناوە.

**٢.** چالاکی ١,٢,٢: ئەنجامدانی ڕاهێنانی تواناسازی بۆ ئەندامانی لیژنەی هەڵەبجە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ڕێگریکردن توندڕەویی توندوتیژ.

**٣.** چالاکی ١,٢,٣: تواناسازی پێویست بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەشکراوە، لە نێوانیان دیدار و کۆنفراسی ئاڵوگۆڕی.

**٤.** چالاکی ١,٢,٤: پلانی تایبەت بە هەڵەبجە بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ دارێژراوە و پەسەندکراوە لە لایەنە دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی پارێزگا.

**دەرئەنجامی مامناوەند 2:** میکانیزمەکانی هەماهەنگی و پەیوەندی لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانیی و خۆجێیی دامەزراون بۆ جێبەجێکردن و هەماهەنگی هەوڵەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە تەواوی هەڵەبجە

**أ.** دەرئەنجامی دەستبەجێ ٢,١: زیادکردنی هەماهەنگی لە نێوان یەکەکانی حکومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، لەوانە نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراقی، حکومەتی هەرێم، و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی هەرێم.

**١.** چالاکی ٢,١,١: زامنکردنی پشتگیری سیاسی بۆ پەرەپێدانی پلانێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.

**٢.** چالاکی دەستبەجێ ٢,١,٢: لیژنەیەکی هەماهەنگی لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێگەگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ دامەزرێندراوە.

**٣.** چالاکی ٢,١,٣: پلانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ دارێژراوە و پەسەندکراوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**٤.** چالاکی ٢,١,٤: میکانیزمی هەماهەنگی لە نێوان نووسینگەی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێییەکانی هەڵەبجە دامەزرێندراوە.

**ب.** دەرئەنجامی دەستبەجێ ٢,٢: بەهێزکردنی زانیاریی و کارامەیی لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکانی هەرێم لە بواری ڕێگەگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ.

**١.** چالاکی ٢,٢,١: ئەنجامدانی توێژینەوەی تۆکمە بۆ زیاترکردنی زانیاری و تێگەیشتن لە بواری ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ، توندوتیژی، جەمسەرگیریی، و ڕق.

**٢.** چالاکی ٢,٢,٢: لایەنە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ دەستنیشانکراون.

**٣.** چالاکی ٢,٢,٣: تواناسازی پێویست بە لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان پێشکەشکراوە.

**دەرئەنجامی مامناوەند ٣:** بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی گەیشتۆتە ئەو گرووپانە لە مەترسیدان.

**أ.** دەرئەنجامی دەستبەجێ ٣,١: توانای حکومەتی خۆجێیی لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەو گرووپانەی لە مەترسیدان باشتر کراوە و لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریی کراوە

١. چالاکی ٣,١,١: هاوکاری ئابووری تایبەت بەو گرووپانەی لە مەترسیدان پەرەی پێدراوە و پێشکەش کراوە، لەوانەش ڕاهێنانی پیشەیی

٢. چالاکی ٣,١,٢: زیاد کردنی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی

**دەرئەنجامی مامناوەند 4:** گەنجان، دایک و باوکان و ژنان چالاکن و لە بەرنامەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژیدا بەشدارن

١. چالاکی ٤,١: ڕاهێنانەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ تیشک دەخەنە سەر ژنان و دایک و باوکان

٢. چالاکی ٤,٢: بەشداریکردنی ژنان لە ئەندامێتی لیژنەی خۆپاراستن و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژی هەڵەبجە

٣. چالاکی ٤,٣: زیادکردنی چالاکییەکانی دەرەوەی مەنهەج بۆ خوێندکاران

٤. چالاکی ٤,٤: پشتگیری کردنی پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و دایکان و باوکان

٥. چالاکی ٤,٥: پێشکەشکردنی پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو خێزانانەی کە ئەندامەکانیان چوونەتە ناو گرووپە توندڕەوەکانەوە



وێنە ٥: أنجام رسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# ٥. پێکهاتەی لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم پارێزگاری هەڵەبجە ئاڕاستە دەکات بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک لەسەر ئاستی پارێزگای هەڵەبجە. لایەنی سەرەکی بەرپرسیار لە جێبەجێ کردنی ئەم پلانی کارکردنە لیژنەیەک دەبێ لە ئاستی پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارە نیشتیمانییەکان. پارێزگاری هەڵەبجە لایەنی سەرەکییە لە دەستنیشانکردنی ئەندامانی لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژی هەڵەبجە. ئەندامانی لیژنەکە بریتی دەبن لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان، بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکان، و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆیی. لیژنەکە بە سەرۆکایەتی پارێزگار، سکرتاریەتێک بۆ هەماهەنگی دیاری دەکات. دوای پێکهێنانی لیژنەکە، لیژنەکە مەرجەکانی کارکردن بۆ هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت دادەڕێژێت؛ ئەمەش پێویستە لایەنەکانی سەر ئاستی پارێزگا و نیشتمانیی بگرێتەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی و بەدواداچوون.

## بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

لیژنەکە لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی ناوخۆیی کاردەکات بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری کارەکانی لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.

## پشتگیریی و هاریکاری دارایی

بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی هەرێم و ئەو لایەنانەی کار لە بواری ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ دەکەن، هەوڵدەدرێ کۆمەک و هاریکاری دارایی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ تەرخان بکرێت.



وێنە ١: أنجام رسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# ٦. پێشنیازەکان

خشتەی خوارەوە پێشنیارەکان سەبارەت بە جۆری بەرنامە و موبادەرەی پێویست بۆ هەر بوارێک دەخاتە ڕوو. هەروەها خشتەکە پێشنیاری ئەو ئەکتەرانە دەکات کە پێویستە بەشداربن لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە و دەستپێشخەرییانە.

| کێشەکان | لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان |
|---|---|
| ■ ١. حکومەتی ناوخۆیی ئاگاداری ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگا نییە. کەمبوونەوەی دەرفەتی ئابووری بۆ گەنجان، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان پشتگیری لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەکەن وەک جۆرێک لە ناڕەزایەتی سیاسی | • لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ<br>• وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی<br>• ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان<br>• وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان<br>• ڕاگەیاندن و بەشی پەیوەندییەکان |

### پێشنیازەکان

- ■ لە کاتێکدا پێویستە ئەولەویەتی درێژخایەنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی لە هەڵەبجە چارەسەرکردنی نەبوونی هەلی کار بێت بۆ گەنجان، لە کورتخایەن و مامناوەندیدا پێویستە ڕاهێنانی کارامەیی کار بۆ گەنجان پێشکەش بکەن، لە نێوانیان خولی ڕاهێنان لەسەر کەرتەکانی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و گەشتوگوزار.
- ■ دامەزراندنی کۆڕبەندی دیالۆگی نیشتمانی لەگەڵ گەنجان. دەسەڵاتداران پێویستە گەنجان بانگهێشت بکەن و بەشدارییان تێدا بکەن بەبێ جیاوازی و ئینتیمای سیاسی.
- ■ پێویستە حکومەتی هەرێم و حکومەتە خۆجێیەکان ئینیتیما لە نێوان گەنجاندا دروستبکەن لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی بەشداریکردنیان و هاندانی بەشداریکردنی چالاکانەی مەدەنییان.
- ■ حکومەتی ناوخۆیی بە هاوکاری ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان پێویستە گەنجان ڕابهێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری هەڵە و ڕادیکاڵکردنی ئۆنلاین.
- ■ پێویستە پلاتفۆرم و کەناڵی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لە نێوان گەنجان و بەرپرسانی ناوخۆیی و نیشتمانی دروستبکرێ.

| کێشەکان | لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان |
|---|---|
| ■ ٢. تێڕوانینی خەڵک لەسەر بوونی گەندەڵی بەربڵاو و خراپبەڕێوەبردن | • لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ<br>• حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>• وەزارەتی داد<br>• وەزارەتی ناوخۆ |

### پێشنیازەکان

- ■ پێویستە حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی لە هەڵەبجە تواناى دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەهێز بکەن. کەمکردنەوەی گەندەڵی پارمەتیدەر دەبێت بۆ زیادکردنی خۆڕاگری خەڵک و کۆمەڵگە بەرانبەر بە بیرکردنەوە و هزری توندوتیژی توندوتیژ.
- ■ کارکردن بۆ بە سیستماتیك کردنی بەڕێوبردنیی کارو باری هاوڵاتیان لەناو دام و دەزگا و دامەزراوە حوکمیەکان کە ببێتە هۆی ڕێگری کردن لە خراپ بەڕێوبردن.
- ■ حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی پێویستە پرۆسەی دادگاییکردنەکان باشتر بکەن، دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا. سەروەری یاسا پایەیەکی ستراتیژییە بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیت. ئەم کارەش پێویستی بە بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی هۆشیاری کارمەندانی حکومی لەسەر پێوەرەکان بۆ سەروەربوونی یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئامرازە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی مافەکان مرۆڤە.

### کێشەکان

- ٣. نەبوونی هاوسەنگی لە پەرەپێدانی ئابووری

### لایەنە پەیوەندیدارە جێبەجێکارەکان

- لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ
- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
- وەزارەتی دارایی
- وەزارەتی پلاندانان
- کەرتی تایبەت
- دامەزراوە و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان

### پێشنیازەکان

- پەرەپێدانی سیاسەتی دارایی و ئابووری لەسەر بنەمای دابەشکردنی دادپەروەرانە و هاوسەنگی لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی جەمسەرگیری ئابووری کۆمەڵایەتی، دروستکردنی خۆڕاگری لەنێوان هەموو بەشەکانی دانیشتووان بەرانبەر توندڕەویی توندوتیژ. نارەزایەتییە توندوتیژەکانی ئەم دواییە زیاتر لە قەزا و شارۆچکە بچووکەکاندا قەتیس بووە، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر کێشەیەک لە سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتدا کە دەرفەتەکان لە شارە گەورەکاندا چڕبوونەتەوە.
- پێویستە حکومەتی هەرێم پاڵپشتی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی هەڵەبجە بکات، لە رێگەی دامەزراندنی پرۆژەی گەشتیاری و پشتگیریکردنی جووتیارانی ناوخۆیی، کە هەلی کار بۆ گەنجان دروست دەکات، جیاوازی جێندەری نێوان ژن و پیاو کەمدەکاتەوە، و کۆمەڵگەی ناوخۆیی بە ناسنامە و گرووپە جیاوازەکان ئاشنا دەکات.

### کێشەکان

- ٤. گەنجان بەر زانیاری ڕادیکاڵ و زانیاری ناڕاست دەکەون.

### لایەنە پەیوەندیدارە جێبەجێکارەکان

- لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ
- ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان
- بەشی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێم
- دامەزراوەکانی ئاسایش و دژە تیرۆر
- زانکۆکان.
- وەزارەتی پەروەردە
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
- ڕێکخراوەکانی گەنجان

### پێشنیازەکان

- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و توانای گەنجان لەسەر کاریگەرییەکان ئینتەرنێت و چۆن ئینتەرنێت بە گشتی دەتوانێ ئاسانکاری بۆ جەمسەرگیری بکات و پێکەوەژیان تێکبدات و کاریگەری لەسەر ڕادیکاڵکردنی گەنجان هەبێت.
- ئاسانکاری بۆ گفتوگۆیەکی بەردەوام لەگەڵ گەنجان کە تێیدا بابەتی گەڕانی ئۆنلاین بە شێوەیەکی بەرهەمدار باس بکرێت.
- پێویستە دایک و باوک و قوتابخانە و زانکۆکان پشتگیری بکرێن لە بواری ڕاگەیاندن.
- بەهێزکردنی ئەو خوێندکارانەی کە توانای پێویستیان هەیە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە لەو زانیاریانەی کە لەلایەن هەموو جۆرەکانی میدیاوە ڕاپۆرت دەکرێن.
- پێویستە مامۆستایانی ئامادەیی بە باشی ڕاهێنراو بن لەو بابەتەدا بۆ ئەوەی خوێندکاران لە زیانەکانی زانیاری ناڕاست بپارێزن.
- پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ڕاهێنانی زیاتر لەسەر پەرەپێدانی گوتاری بەدیل لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە.
- پێویستە شێواز و ئامرازە کاریگەرەکانی وەک ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێن بۆ بەشداریکردنی گەنجان.
- کارکردن بۆ بەهێزکردن و چالاککردنی دەزگای داواکاری گشتی لە وەڵامدانەوەیان بۆ حاڵەتەکانی بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەویی توندوتیژ لە ڕاگەیان (لە نێوانیان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)

### کێشەکان

- ٥. سیستەمی پەروەردە لە دۆخێکی باشدا نییە ببێتە سەکۆیەکی خۆپارێزی لەبەرانبەر توندڕەویی توندوتیژ

### لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان

- لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ
- وەزارەتی پەروەردە
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
- ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان

### پێشنیازەکان

- پێویستە زانیاری و لێهاتوویی بدرێت بە گەنجان بۆ تێگەیشتن و ناسینەوە و ڕەتکردنەوەی توندڕەویی توندوتیژ.
- دەستپێشخەرییە پەروەردەییەکان بۆ پێشخستنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و قبوڵکردنی فرەیی.
- پێشنیارێکی تایبەت، کە لەلایەن زۆرێک لە بەشداربووانی مێزگرد پێشنیار کراوە، بریتییە لە پەرەپێدانی بەرنامەیەک لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لە پۆلدا. ئەمەش وەک شتێکی بنەڕەتی سەیر دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی پەراوێزخستن و هەستکردن بە گۆشەگیری لە قوتابخانەدا.
- ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و دەستنیشانکردنی نیشانەکانی ڕادیکاڵبوون.
- بەرزکردنەوەی ئاستی توانای بەڕێوبەر و مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانەکان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن بیری توندڕەویی توندوتیژ.
- بەکارهێنانی وەرزش و هونەر بۆ بڵاوکردنەوەی میانڕەویی و ڕێگریکردن لە توندڕەویی، ئەم کارەش پێویستی بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستا و فێرکارەکان هەیە.

### کێشەکان

- ٦. پەیوەندی کەم لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی ناوخۆیی

### لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان

- لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ
- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان
- نووسینگەی پارێزگار

### پێشنیازەکان

- بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دەسەڵاتە ناوخۆیی و نیشتمانییەکان و کۆمەڵی مەدەنی ناوخۆیی
- هاوبەشیکردن لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی لە ئەنجامدانی توێژینەوە و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی گوتاری بەدیل.
- بەرزکردنەوەی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ناوخۆیی لە ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.
- دروستکردنی تۆڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەولەویەتی یەکەم نییە. ئەوەی ئەولەویەتە بریتییە لە بەهێزکردنی خودی ڕێکخراوە ناحکومییەکانە.
- ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بەشێک بن لە لیژنەی جێبەجێکردنی ئەم پلانە کارە.

| کێشەکان | لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان |
|---|---|
| ■ ٧.بوونی توێژینەوەی کەم لەسەر سەرچاوەکانی ڕادیکاڵبوونی گەنجان، پاڵنەران و مەترسییەکانی توندڕەویی توندوتیژ | • وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>• زانکۆکان |

### پێشنیازەکان

- ■ پێویستە یەکەیەکی نوێی توێژینەوە لە ژێر ئاستی حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی دروست بکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم، هەروەها هۆکارەکانی مەترسی و ڕێکارەکانی خۆپاراستن.
- ■ بەرزکردنەوەی توانای  ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە لە بواری چاودێری و ڕاپۆرتکردنی ئەو پێشێلکاریانەی دەبنە هۆی پشتگیریکردنی هزری توندڕەویی توندوتیژ

| کێشەکان | لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان |
|---|---|
| ■ ٨. پەیوەندی سنووردار لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی خۆجێییەکان | • لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ<br>• نووسینگەی پارێزگار<br>• حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>• ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان |

### پێشنیازەکان

- ■ لە کاتێکدا ژنان سەرکردایەتی هەندێک دامەزراوەی سەرەکی هەڵەبجە دەکەن، پێشنیار دەکرێت زیاتر ژنان لە پرۆسەی بڕیاردانی ناوخۆییدا بەشداری بکەن.
- ■ یەکخستنی دیدگا و پێناسەی حکومەتی خۆجێی بۆ جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی) لە بەرنامەکانی ڕێگەگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ .
- ■ کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی تایبەت بە جیاکاری ڕەگەزی  و پرسی ژنان، ئەمەش لە ڕێگەی مسۆگەرکردنی بەشداریی و سەرکردایەتی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.
- ■ کردنەوەی خولی پیشەگەری و بەڕێوەبردنی کار و بزنسی بچووک بۆ ژنان

| کێشەکان | لایەنە پەیوەندیـدارە جێبەجێکارەکان |
|---|---|
| ■ ٨.  لێکۆڵینەوەی سنووردار لە سەرچاوەکانی ڕادیکاڵبوونی گەنجان و مەترسی توندڕەوی توندوتیژ | • لیژنەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ<br>• نووسینگەی پارێزگار<br>• حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>• ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان |

### پێشنیازەکان

- ■ لە کاتێکدا ژنان سەرکردایەتی هەندێک دامەزراوەی سەرەکی هەڵەبجە دەکەن، پێشنیار دەکرێت زیاتر ژنان لە پرۆسەی بڕیاردانی ناوخۆییدا بەشداری بکەن.
- ■ یەکخستنی دیدگا و پێناسەی حکومەتی خۆجێی بۆ جێندەر (جۆری کۆمەڵایەتی) لە بەرنامەکانی ڕێگەگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ .
- ■ کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی تایبەت بە جیاکاری ڕەگەزی  و پرسی ژنان، ئەمەش لە ڕێگەی مسۆگەرکردنی بەشداریی و سەرکردایەتی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.
- ■ کردنەوەی خولی پیشەگەری و بەڕێوەبردنی کار و بزنسی بچووک بۆ ژنان

# ٧. پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە ١: میتۆدۆلۆجی توێژینەوە

ئەم پلانی کارکردنە پشتی بە شێوازی توێژینەوەی تێکەڵاو بەستووە، لەوانە سێ دانیشتنی ڕاوێژکاری تایبەت، 23 چاوپێکەوتن، و ڕاپۆرتێکی توێژینەوەی هەمەگیری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەسەر پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان.

### دانیشتنی ڕاوێژکاری تایبەت

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە مانگی ئاب و تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ سێ دانیشتنی ڕاوێژکاری لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکانی هەڵەبجە ئەنجامدا. سی و پێنج کەس کە نوێنەرایەتی تەواوی لایەن و پێکهاتەکانی حکومەتی ناوخۆیی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانیان دەکرد، بەشداربوون لە دانیشتنەکانی ڕاوێژکاریدا. ئەو دانیشتنانە بوون بە سەرچاوەی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پاڵنەرە سەرەتاییەکانی توندڕەویی توندوتیژ و داڕشتنی پلانی هەڵەبجە. جگە لەوە، لەو دانیشتنانەدا هەوڵدرا تێگەیشتن و زانیاری بەشداربووان لەسەر توندڕەویی توندوتیژ زیاتر بکرێ لە ڕێگەی ناساندن و جیاکردنەوەی چەمک و بابەتە سەرەکییەکان، لەوانە جیاوازییەکانی نێوان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ. لە کۆتاییدا، ئەو دانیشتنە ڕاوێژکارییانە بوونە هۆی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و کارکردن لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگە بۆ دەستنیشانکردن و پێشنیازکردنی بەرنامە و ڕێگەچارەی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.

### چاوپێکەوتن

لە ماوەی مانگەکانی تەموز و ئاب و ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢دا، لە هەڵەبجە ٢٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری حکومەتی خۆجێیی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمیست و توێژەران، مامۆستایان، چالاکوانانی بواری گەنجان و ژنان ئەنجام دران.

### توێژینەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

ئەم دۆکیومێنتە سوودی لە توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچی لەسەر پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا بینیوە. توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی میتۆدی تێکەڵاو بەستووە، کە بریتی بووە لە ٤٩ چاوپێکەوتن و هەشت گرووپی گفتوگۆی ورد و ڕاپرسی لەگەڵ ٤١٩ کەس لە هەڵەبجە، گەرمیان و ڕاپەڕین، کە لە ماوەی مانگی تەممووز تا تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ئەنجامدراون.

## پاشکۆی ژمارە ٢: پرسیارنامە و پرسیارەکانی چاوپێکەوتن و دانیشتنی ڕاوێژکاری

### پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە

پرۆفایلی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی-پیشەیی

- جێندەر
  - نێر
  - مێ
- تەمەن
  - ١٨-٢٥
  - ٢٦-٣٩
  - ٤٠-٦٠
  - ٦٠+
- لە کوێ دەژیت؟
  - شار
  - قەزا
  - گوند
- لەسەر چ ئایینێکیت؟
  - ئیسلامی سونە
  - ئیسلامی شیعە
  - کاکەیی
  - زەردەشتی
  - هیی تر
  - بۆ من نابێت
- سەر بە چ نەتەوەیەکیت؟
  - کورد
  - عەرەب
  - هیی تر
  - بۆ من نابێت
- باری پیشەیی ئێستات چییە؟
  - دامەزراوم بە دەوامی تەواو
  - دامەزراوم بە نیو دەوام
  - بێکار، خانەنشین
  - پێم باشە وەڵام نەدەمەوە
- بەرزترین بڕوانامە یان ئاستی خوێندن کە تەواوت کردووە چییە؟
  - نەمخوێندووە
  - سەرەتایی
  - ئامادەیی
  - دبلۆم
  - بەکالۆریۆس
  - ماستەر یان بەرزتر
  - پێم باشە وەڵام نەدەمەوە

١. بەگشتی پێت وایە شتەکان لە هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەیەکی دروست یان بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەڕۆن؟
- بە ئاڕاستەیەکی دروستدا دەڕۆن
- بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەڕۆن
- دڵنیا نیم

٢. ئایا کۆمەڵگەکەت ڕووبەڕووی توندڕەویی توندوتیژ بووەتەوە؟
- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیا نیم

٣. چ جۆرە توندڕەوییەک لە کۆمەڵگەکەتدا هەیە؟
- ئایینی
- ئێتنۆ-ناسیۆنالیزم
- سیاسی
- کۆمەڵایەتی/جوگرافی
- هیی تر (تکایە دیاری بکە)
- دڵنیا نیم
- بۆ من نابێت

٤. ئایا ئەو جۆرە زاڵەی توندڕەوی کە ئاماژەت پێ دا، هانی توندوتیژیی دەدات؟
- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیا نیم
- بۆ من نابێت

٥. هەستت بەرانبەر ئەم لێدوانە چۆنە؟ «کاتێک خەڵک لە حکومەت/پارتە دەسەڵاتدارەکان بێزار دەبن، ئەگەر زۆرە لەگەڵ بزووتنەوە توندڕەوەکانی ناو کۆمەڵگاکەتدا تێوە بگلێن.»
- هیچ هاوڕا نیم
- هاوڕا نیم
- نە هاوڕام و نە هاوڕا نیم
- هاوڕام
- تەواو هاوڕام

٦. کام لەم فاکتەرانەی خوارەوە دەشێت هانی توندڕەویی لە هەرێمی کوردستان بدات؟
- هەژاری
- بیروباوەڕی ئایینی
- نەبوونی پەروەردە
- بێکاری
- خراپبەڕێوەبردن و گەندەڵی
- دەوڵەت خۆی هانیان دەدات
- ویستی تۆڵەسەندنەوە
- گەڕان بەدوای هەستی ئینتیمادا
- هیی تر (تکایە دیاریی بکە)
- دڵنیا نیم
- بۆ من نابێت

٧. لەم توێژانەی خەڵکدا کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دراوە، پێت وایە کێ زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە پشتگیریی گرووپ و ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان بکات؟
- گەنجانی بێکار
- ڕابەرانی ئایینی
- ئەندامانی پارتە سیاسییەکان
- نوخبەی کۆمەڵگە
- قوربانییانی توندوتیژیی لەلایەن دەوڵەتەوە
- ژنان
- هیی تر
- بۆ من نابێت

٨. ئاستی متمانەت بە حکومەت چەندە؟ تکایە تەنیا یەک بژاردە دیاریی بکە
- بەرزە
- زۆر بەرزە
- مامناوەندە
- نزمە
- زۆر نزمە

٩. تا چەند لەم حکومەتەی ئێستا ڕازیت؟
- زۆر ڕازیم
- ڕازیم
- کەمێک ڕازیم
- ناڕازیم
- زۆر ناڕازیم

١٠. ئایا هیچ کات بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی توندوتیژی دژ بە حکومەتدا ڕەوایە؟
- بێگومان ڕەوایە
- ڕەنگە ڕەوا بێت
- ڕەنگە ڕەوا نەبێت
- بێگومان ڕەوا نییە

١١. ئایا هیچ کات بەکارهێنانی توندوتیژیی سیاسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی وڵاتەکەدا ڕەوایە؟
- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیا نیم
- بۆ من نابێت

١٢. پێت وایە بتوانیت متمانە بەم دامەزراوانە بکەیت؟
- حکومەتی ناوخۆ:
  - تەواو متمانەم پێی هەیە
  - متمانەم پێی هەیە
  - کەمێک متمانەم پێی هەیە
  - هیچ متمانەم پێی نییە
  - متمانەم پێی نییە
- حکومەت:
  - تەواو متمانەم پێی هەیە
  - کەمێک متمانەم پێی هەیە
  - هیچ متمانەم پێی نییە
  - متمانەم پێی نییە

– پارتە سیاسییەکان:
- تەواو متمانەم پێیان هەیە
- کەمێک متمانەم پێیان هەیە
- هیچ متمانەم پێیان نییە
- متمانەم پێیان نییە

– هێزە ئەمنییەکان :
- تەواو متمانەم پێیان هەیە
- کەمێک متمانەم پێیان هەیە
- هیچ متمانەم پێیان نییە
- متمانەم پێیان نییە
- سیستەمی یاسایی:
- تەواو متمانەم پێی هەیە
- کەمێک متمانەم پێی هەیە
- هیچ متمانەم پێی نییە
- متمانەم پێی نییە

١٣. ئەگەر پێت وایە دروستبوونی گۆڕانکارییەک پێویستە، هاوڕایت کە دەبێت سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان لە ڕیشەوە بگۆڕێت؟
- تەواو ناهاوڕام
- کەمێک ناهاوڕام
- نە هاوڕام و نە ناهاوڕام
- کەمێک هاوڕام
- تەواو هاوڕام

١٤. تا چەند ڕازیت لەو دەرفەتانەی لە کۆمەڵگاکەتدا بۆ گەشەپێدانی کەسیی خۆت بەردەستن ؟
- تەواو ڕازیم
- زۆر ڕازیم
- بە ڕێژەیەکی مامناوەند ڕازیم
- کەمێک ڕازیم
- هیچ ڕازی نیم

١٥. تا چەند هیوات بەکۆمەڵگەکەت هەیە؟
- هەمیشە
- زۆرجار
- جارجار
- بەدەگمەن
- هەرگیز

١٦. دەبێت چ شتێک بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە کۆمەڵگەکەتدا لەپێشترین بێت؟ (سێ دانە لە بژاردە هەرە گرنگەکان دیاریی بکە)
- برەودان بە بەڕێوەبردنی باش و مافەکانی مرۆڤ
- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
- ڕەخساندنی هەلی کار
- بەڕێوەبردنی مەیدانی ئایینی
- پێشنیازکردنی بانگەشەی جێگرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پروپاگەندەیەی لەلایەن گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکانەوە پەرەی پێ دراوە
- چاکسازییکردن لە سیستەمی پەروەردەدا
- پشتگیریکردنی گەنجان
- بەهێزکردنی ژنان
- بابەتی لەپێشتری دیکە (تکایە دیاریی بکە)

١٧. کاتێک خەڵک لەناو کۆمەڵگەکەی تۆدا نائومێد دەبن، چی دەکەن؟ دەتوانیت زیاتر لە بژاردەیەک دیاری بکەیت.
- گۆشەگیر دەبن
- ئالوودەی مادەی هۆشبەر دەبن
- دەچنە ناو گرووپە توندڕەوەکانەوە
- کۆچ دەکەن
- بەرهەڵستی نیشان دەدەن و خۆپیشاندان دەکەن
- خەباتی مەدەنی هەڵدەبژێرن و دەچنە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە
- هیی تر

## پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکانی گرووپەکانی گفتوگۆی ورد

### هەڵسەنگاندنی گشتیی دۆخەکە

١. چۆن وەسفی دۆخی ئێستای کۆمەڵگەکەت دەکەیت؟

٢. بەگشتی کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکەی تۆ چین؟

٣. هۆکارەکانی ئەم کێشانە چین؟

٤. کێن ئەو لایەنە سەرەکییانەی ئەم کێشانە کاریان تێ دەکات؟

٥. کێن ئەو لایەنە سەرەکییانەی پاڵنەر بۆ ئەم کێشانە دروست دەکەن و بۆچی؟

٦. کام لایەنە سەرەکییانە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم پاڵنەرانەدا بکەن؟

٧. پێویستە کام پەیوەندییانە دروست بکرێن یان بەهێز بکرێن تا بتوانرێت تواناکانی کۆمەڵگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ بەردەوامەکاندا بنیات بنرێن؟

٨. توندوتیژی و توندڕەوی

٩. ئایا توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بڵاوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، هۆکارەکانی توندوتیژی چین؟

١٠. ئایا توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا بڵاوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، هۆکارەکانی چین، ئەگەر نەخێرە، چی ڕێگریی لێ دەکات؟

١١. لایەنە توندوتیژە سەرەکییەکان لە ناوچەکەدا کێن؟

١٢. بە بۆچوونی تۆ، هۆکارەکانی ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەکەتدا کێن؟

١٣. پێت وایە کێ دەتوانێت ڕێگریی لە توندڕەوی بکات؟

١٤. سەبارەت بەو گرووپانەی کۆمەڵگە، کام گرووپ و چینانەی کۆمەڵگە لە مەترسیدان و پێویستە بپارێزرێن؟ (بۆ نموونە، ژنانی بێهاوژین، گەنجان، دەرچووانی زانکۆ، کچان...)

### چی کراوە و پێویستە چی بکرێت؟

١٥. حکومەتی ناوخۆ لە ناوچەکەدا چی بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ کردووە؟

١٦. تۆ چیت بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ کردووە؟

١٧. پێت وایە پێویستە چی بکرێت و چیت پێویستە بۆ زیاترکردنی توانای کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی؟

## پاشکۆی دوو: نەخشەی دەستپێشخەری و بەرنامەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێم

ئامانج لەم نەخشەسازییە دیاریکردنی دەستپێشخەرییەکانی پێشوو و ئێستای دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانە بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان. داتاکانی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای ١٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان لە نێوان مانگەکانی ئازار و تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ بووە. جگە لەوەش، ڕاپۆرتەکە پشتی بە ئەزموون و توێژینەوەکانی پێشووی تیمی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە بەستووە.

| لایەنی جێبەجێکار | بواری دەستپێشخەری | ئامانجەکان | چالاکی | سوود مەندبووان | چوارچێوەی زەمەنی | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | چاکسازی ئاینی | بەرزکردنەوەی هۆشیاری و میانڕەویی و بنبڕکردنی هزری تیرۆریستی و سەرچاوەکانی توندڕەویی و پتەوکردنی پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن | یەکخستنی وتاری هەینی، ڕاهێنان بە ئیمامەکان، چاکسازی لە مەنهەجەکانی ئاینیدا، قەدەغەکردنی کتێبی "ڕادیکاڵ" | ئیمام و مامۆستایانی ئایینی، پەروەردەکارانی ئایینی، قوتابیانی قوتابخانە ئایینییەکان | ٢٠١٤- تا ئێستا | ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان |
| وەزارەتی پەروەردە | چاکسازی پەروەردەیی | بەرزکردنەوەی تەحەمول، پێکەوە ژیان، هەمەجۆری | چاکسازی و ناساندنی پرۆگرامی نوێی پەروەردەیی، گۆڕانکاری لە کتێبەکانی ئایین و مێژوو،ڕاهێنانی مامۆستایان | پەروەردەکار، قوتابی،دایک و باوکان | ٢٠١٤- تا ئێستا | ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | توێژینەوە و خوێندنی باڵا | ڕێگریکردن لە سەرچاوەکانی ڕادیکاڵکردن لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا. | ڕێکخستنی وەرگرتن لە قوتابخانە ئاینییەکان و کۆلێژەکانی شەریعەت، دامەزراوە ئاینییەکان لە وەزارەتی ئەوقافەوە گواسترانەوە بۆ سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا،<br>ئەنجامدانی کۆنفرانس،قەدەغەکردنی یەکسانکردنی بڕوانامە لە چەند زانکۆیەکی لە دەرەوەی وڵات. | ستافی زانکۆ؛ خوێندکارانی زانکۆ؛ زانایانی ئاینی | ٢٠١٦- تا ئێستا | ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان | میدیا و بڵاوکراوەکان | ڕێگەگرتن لەو کتێب و بەرنامە تەلەفیزیۆنانەی پەرە بە هزری توندڕەویی دەدەن. | قەدەغەکردنی هەندێک کتێب و بەرنامەی تەلەفزیۆنیی | کۆمەڵگە | ٢٠١٥ – تا ئێستا | ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێکخراوی سپارک | بەرەنگاربوونەوەی ڕادیکاڵبوونی گەنجان | ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژی گەنجانی کورد لە ڕێگەی زیادکردنی بەشدارییان و پێدانی متمانە بە گەنجان و کەمکردنەوەی فاکتەرەکانی مەترسی توندڕەویی. | کۆنفرانس، خولی ڕاهێنان، توێژینەوە، پەرەپێدانی تواناکان | گەنجان و مامۆستایان و چالاکەوانان و دایک و باوکان | ٢٠٢٢ -٢٠١٩ | هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە |
| مێری | توێژینەوە | کاریگەرییکردنە سەر سیاسەتەکانی حکومەت و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی. | توێژینەوە، کۆنفڕانس و وۆرکشۆپ، ڕاهێنان | بەرپرسانی حکومەت، توێژەرەکان، دروستکەرانی بڕیار لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی | ٢٠٢٢-٢٠١٧ | هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، نەینەوا |
| ڕوانگەیەکە بۆ ڕێگرتن لە دەستپێشخەری توندڕەوی توندوتیژ (OPEV) | کۆمەڵی مەدەنی | زیادکردنی تواناکانی کۆمەڵی مەدەنی لە دارشتنی پلانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ | دیلاتفۆڕمێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان دروست بکە کە پێی دەوترێت OPEV | سی ئێس ئۆی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی; بەرپرسانی حکومەت | ٢٠٢١-٢٠١٩ | هەولێر |
| کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان | چاکسازی و نوێسازی ئایینی | ڕووبەڕووبوونەوەی هزری توندڕەویی | بەرزکردنەوەی هۆشیاری و ئەنجامدانی توێژینەوە و هاوبەشکردنی لە گۆڤارەکەیدا و سازدانی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و پێشکەشکردنی ڕاهێنان و چاوپێکەوتنی میدیایی | زانایانی ئایینی و ئیمامەکان، ئەندامانی کۆمەڵگا، بەرپرسانی حکومەت | ٢٠٠٣- تا ئێستا (ئێستا چالاکییەکانی کەم بۆتەوە) | هەولێر |
| ئیسلامی کوردی | چاکسازی ئایینی | بڵاوکردنەوەی میانەڕەویی و تێگەیشتنێکی کوردانە بۆ ئایین | بەرنامەی تەلەفیزیۆنی، وتار، سمینار | کۆمەڵگە و زانایانی ئایینی | ٢٠١٥ – تا ئێستا | ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان |
| بەرنامەی توێژینەوەی زانکۆی سەلاحەدین | توێژینەوە | ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ | توێژینەوە و وۆرکشۆپ و ڕاهێنان | توێژەرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ستافی زانکۆ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی | ٢٠١٩-٢٠١٦ | هەولێر |

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

پارێزگای هەڵەبجە